## ثرؤسةي داأشتن و مؤركردني قانووني بةأموةبردني عصراق لة قؤناغي طواستنةوة ... دكتؤر أسبوار فةتاح

قانوونی بەڕێوەبردنی عێراق لە قۆناغی گواستنەوەدا بەڵگەنامەیەکی چارەنووسسازە بۆ گشت گەل و گروپێکی ئەتنیکی و ئاینی کە لە سنووری عێراقدا بژی. بەڵگەنامەیەکە ڕەنگی دەوڵەتی عێراقی هەڵوەشاوە دەڕێژێتەوە و دەبێتە پێناسەکەی.

گەلی کورد دەبووایە لە هەموو گەل و گروپێکی تر لە عێراقدا بە پەرۆشتر بووایە لە چێکردنی قانوونی بەڕێوەبردنی عێراقدا. ڕاستەکەی ئەز خوازیاربووم کە گەلی کوردستان ئەکتەری هەڵوەشاندنەوەی هەمیشەی عێراق بوونایە، نەك دامەزراندنەوەی. چونکە عێراق لە کاسەسەری ڕۆڵەکانی کورد زەمینەکەی دارێژراوە و خوێنی کورد سەحراکانی باشووری عێراق ئاوداوە.

هەرچەندە ناوەروکی "قانوونی بەڕێوەبردنی عێراق لە قۆناغی گواستنەوەدا" چارەنووسرێژە بۆ گەلی کوردستان، بەڵام ئەو پڕۆسەیەش کە ئامانجی داڕشتن و مۆرکردنی بەڵگەنامەکە بووە، وەك ناوەڕۆکەکەی بە بایەخە. پرۆسەکە پێوەری ئاوەڵایی و دیموکراتی ئەکتەرە سیاسیەکانی عێراقە، بە کوردەکانیشەوە. بۆیە گەر پرۆسەکە حساب بۆ کۆمەڵگەکانی کوردستان (عێراقیش) نەکا، چاوەنوار ناکرێ کە بەڵگەنامەکە لە بەرژەوەندیان داڕێژرابێ.

لەم گووتارەدا لە ناوەڕۆکی بەڵگەنامەکە ناتوێژمەوە، بەڵام ئەو پرۆسەیەی کە بەڵگەنامەکەی پێداڕێژراوە دەخەمە ژێر نەشتەر.

پرۆسەی داڕشتن و بڕیاردان لەسەر بەڵگەنامەکە چەندین پرسیار لە خۆدەگری. ئایا پرۆسەیەکی دیمکراتی بووە؟ ئایا گەلی کوردستان پرسی پێکراوە لە بڕیاردان لە بەڵگەنامەیەکی چارەنووسسازی لەمجورەدا؟ کێن ئەوانەی ئەو مافەیان هەیە کە بە ناوی گەلی کوردستانەوە بەڵگەنامەیەکی چارەنووسسازی لەمجورە مۆربکەن؟ ئایا هێزە کوردستانیەکانی تر، جگە لەوانەی ناو ئەنجوومەنی حوکم، بەشداربوون لە داڕشتنی بەڵگەنامەکەدا؟ ئایا تا چ ئاکارێك کۆمەڵانی گەلی کوردستان شوێنپەنجەیان بە بەڵگەنامەکەوە دیارە؟ ئایا بەڵگەنامەکە لەلایەن چەند کەسێکەوە مۆردەکرێ و کۆمەڵانی خەڵکیش دەبێ پێڕەوی بکەن؟

ئەگەر قانوونی بەڕێوەبردنی عێراق بەڵگەنامەیەکە عێراق دەکا بە وڵاتێکی "فیدراڵی، فرەحزبی، دیموکرات"، ئایا نەدەبوو بە پرۆسەیەکی دیموکراتیانە دابڕێژرێ؟ ئایا نەدەکرا ئەزموونی وڵاتانی دیموکرات بەکار بهێنرێ بۆ عێراقێك کە، بە حساب، دەبێ بە نموونەی دیموکراتی لە خۆرهەڵاتی نێوەندا؟

دەبوو بەڵگەنامەکە بە چەند مانگێك بەر لە مۆرکردنی بە پرۆسەیەك لە نێو جەماوەردا گفتووگۆ و تاوتوێ بکرایە. پەرلەمانی کوردستان، حزبە کوردستانیەکان، کوردی تاراوگە، ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیەکان، وەك مامۆستایان، قوتابیان، قانوونیەکان، ئابوویەکان، تد، بەشداری ئەم

پرۆسەیە بوونایە. هەندێك كۆمەڵگەی كوردستان، كە بە تایبەت لە ژێر رژێمەكانی پێشووی عێراقدا چەوساونەتەوە، هەندێكیان تا رادەی جەنەساید، دەبووایە كارا بەشداربوونایە لە داڕشتنی بەڵگەنامەكەدا. بۆ نموونە بەڵگەنامەكە دەبووایە لەگەڵ نوێنەرانی كۆمەڵانی هەڵەبجە، كەركوك، خانەقین، و فەیلەیەكان، بەرزانیەكان، كەسوكاری ئەنفالەكان بە بەربڵاوی گفتوگۆ و تاوتوێ بكرایە. بڕیار، داواكاری و ئازاری ئەم كۆمەڵانە لە پێكهاتەی پڕۆسەی داڕشتن و مۆركردنی بەڵگەنامەكەدا دەبووایە بنیات بنرایە.

دەبوو میدیای كاریگەری كوردستان، كە دەنگی زوڵاڵی حزبەكانە، لە خزمەتی ئەم پڕۆسەیەدا بووایە. كەناڵەكانی میدیا بەر لە بڕیاردان، دەبووایە بازبوونایە بۆ بیستنی رای گشتی گەلی كوردستان.

بەڵام بە پێچەوانەوە، میدیای كوردستان وزەی خۆیی كۆكردەوە تا مۆركردنی بەڵگەنامەكە. ئەمجار خورت كەوتە كار بۆ گەرمكردنی بازاڕی ساردی. رۆڵی سەرەكی میدیا پۆزەتیڤ نەبوو، ئامانجی كپكردنی دەنگی ناڕەزای هێزە كوردستانیەكان بوو. بۆیە بەزەحمەت دەبینرێ لەگەڵ رۆشنبیرێكدا لەسەر بەڵگەنامەكە گفتووگۆ بكرێ كە سەرنجی رەخنەگرانە بێ.

دەنگی ناڕەزایی گەلی كوردستان بە جۆرێك زاڵبوو، تەنانەت میدیای حزبیش زۆر كاریگەر نەبوو لە كپكردنی. زۆری ئەو كەسانەی كە گفتووگۆیان لەگەڵ دەكرێ، بە حزبیەكانیشەوە، پێ لەوە دادەگرن كە بەڵگەنامەكە كەمترین مافە شایستەی گەلی كوردستان بێ. ئایا نابێ لە نوێنەرانی كوردستان لە ئەنجوومەنی حوكمی عێراق بپرسرێ، كە بۆچی بە كەمترین ماف قنیاتیان كردووە؟ ئایا چاوەنواڕی كەین تا زۆرترین ماف بۆ گەلی كوردستان وەربگرن؟ ئایا لەمڕۆ دەرفەت باشتر سەرهەڵدەدا؟

گفتوكۆ و تاوتوێیەكی بەربڵاو لەنێو كۆمەڵگەكانی كوردستاندا؛ دواتر بنیاتنانی بیروبۆچوونە جوداكان لە داڕشتنی بەڵگەنامەكەدا تەنیا رێیەك بوو بۆ گەیشتنە ئەنجامێكی درووست، كە ڤاكیوم لە نێوان بڕیاری سەرانی سیاسی حزبەكان و كۆمەڵانی گەلدا كەم بكاتەوە. بە پێچەوانەوە، بڕیاردان لەدەری ئیرادەی گەل و سەپاندنی بڕیار بە سەریدا، ئەنجامی زۆر مەترسیداری دەبێ.

هەرچەند هێشتا چەند هەفتەیەك زیتر بەسەر مۆركردنیدا تێ نەپەڕیووە، وەختە فەتوا دژی بەڵگەنامەكەدا دەدرێ. خۆ نابەجێ نابێ گەر بگوترێ بەڵگەنامەیەك دوور لە بەشداری كۆمەڵانی گەل مۆركرابێ رەنگە لەگەڵ فەتوایەكدا جودایەكی ئەوتۆی نەبێ - ئەمیان ئایینیە و ئەویان سیاسی.

"قانوونی بەڕێوەبردنی عێراق لە قۆناغی گواستنەوەدا" سەرەتایەكی نادیموكراتی، بگرە سەپێنراو بوو، بۆ كوردستان و عێراقیش. ئەمە بەڵگەنامەیەك نیە كە شوێنپێی لەسەر زەمینی كوردستان ببێتەوە.

گەر پیادە بکرێ، گومانم نیە کە "قانوونی بەڕێوەبردنی عێراق لە قۆناغی گواستنەوەدا" دەمان گوێزێتەوە، بەڵام بۆ داهاتوویەکی نادیار.

دکتۆر رێبوار فەتاح دارێکتەری تۆڕی ئینتەرنێتی کوردیش میدیایە.

لە هەفتەنامەی هاوڵاتی ژمارە 166، 24 مارتی 2004 دا بڵاوکراوەتەوە:

http://www. hawlati. com/pdf/2001-166_2. pdf

www.kurdistannet.org